# ڕاگەیاندنی کۆتایهاتنی پلینۆمی 14ی کۆمیتەی ناوەندی

پلینۆمی 14ی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە رۆژەکانی 25-26ی حوزەیرانی 2004 دا بە ئامادەبونی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو هاوریانیکی میوان لە ریکخستنەکانی شارە جیاجیاکانی عیراقو کوردستانو ریکخراوی دەرەوەی وولاتو نوینەرانی ریکخراوە جەماوەرەیەکان، بەریوەچوو. سەرەتای کۆبونەوەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیان بەختکردوانی ڕێگای ئازادیو سوسیالیزم و سرودی ئەنتەر ناسیونال دەستپێکرد. پاشان کۆبونەوەکە هاتە سەر دەستوری باسەکانی، کە پیکهاتبوو لە "راپۆرتی کارو هەلسورانی حیزب لە ماوەی نیوان پلنیۆمی 13-14دا"و "وەزعی سیاسی عیراق، ئالوگۆرە تازەکانو سیاسەتو بەدیلی حیزب" و"حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری، جەهتگیریو ئەولەویاتەکانی"و "حزبی سیاسی، جیگاو ریگای حزبو میکانیزمەکانی پێشخستنی"و " وەزعی سیاسی کوردستان، مەسەلەی کوردو بەدیلی ئیمە"و "کۆنگرەی سێهەم"و "مالیە" ...

کۆبونەوەکە بە شێوەیەکی تێرو تەسەل هەلومەرجی سیاسی-کۆمەلایەتی دژواری ئەمرۆی عێراقی لێکدایەوە کە لە سایەی داگیرکردنی ئەمەریکاو نەخشەو سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانیو شەری تیروریستی نێوان تیرۆریزمی ئەمەریکیو ئیسلامی سیاسیو هەروەها کیشمەکیشی نێوان هێزو لایەنە ناسیونالیستی و ئیسلامیەکاندا، پێکهاتوە. هەروەها هەولومەرجی ژیانی مەینەتبارو نائەمنیو نائارامی خەلكو ئەو سیناریۆ ڕەشەی بەسەر کۆمەلگادا سەپینراوە تاوتوێ کرد.

پاشان کۆبونەوەکە جەختی خستە سەر جیهەتگیری حزبو ئەرکەکانی بۆ وەستانەوە بەرانبەر ئەم هەلومەرجەو پیشگرتن بە رەوتی لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵگاو بەگەر خستنی تواناکانی حیزبو جەماوەری ئازادیخواز بۆ سازدانەوەی مەدەنیەت. هەروەها لە دوتوێی ئەم باسەدا، پلینۆم جەختی لەسەر ئەوە کرد کە حکومەتی کاتی دەستسازی ئەمەریکا هیچ شەرعیەتیکی نیە، نوینەرایەتی خەلكو خواستەکانیان ناکات، لەسەروی ئیرادەی خەلکەوە سەپینراوە، حکومەتیکی کۆنەپەرستانەیە کە دەیەوی کۆمەلگا نوقمی قەومپەرستیو دینو تەفرەقەو هەلاواردن بکات، ئامرازیکە بۆ قولکردنەوەی زیاتری سیناریۆی رەشو پەلکیش کردنی کۆمەلگا بۆ ناو کارەساتی زیاتر....بۆیە دەبێ لەکاربخریتو لە جیگایدا حکومەتیکی غەیرە قەومیو سکولارو پیشکەوتوانەی پشتبەستوو بە ئیرادەو دەخالەتی خەلك بیتە سەرکار کە وەلامدەرەوەی خواستو ئارەزوەکانی خەلکی عیراق بیت. ئەمەش سەرئەنجام لە گرەوەی هینانەمەدانی هیزی بەرینی جەماوەری خەلکدایە لە دەوری بەدیلی ئازادیخوازانەو کۆمۆنیستی بۆ کردنە دەرەوەی ئەمریکاو دەسکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزم.

پاشان کۆبونەوەکە هاتە سەر ڕۆڵی حزبو پتەوکردنو گەشەپێدانی حزب وەك حزبێکی قوترەتمەندی سیاسی مارکسستو شورشگێر، کە بتوانی دەوری کاریگەر بگیری بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم هەلومەرجە بە قازانجی خەڵك، لەم بارەیەوە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە خودی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەدیلی ئەم هەلومەرجەیە، کۆتایهینان بەم سیناریۆ رەشەو سازدانەوەی مەدەنیەت وەکو پیویستیەکی حەیاتی ئیستای کۆمەلگا، لە گرەوی بەهیزبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریدایە. بۆ ئەم مەبەستە پلینۆم بە وردی لەسەر ئەركو ئەولەیەتەکانی ئیستای حیزب قسەی کرد.

پاشان کۆوبونەوەکە هاتە سەر باسی هەلومەرجی سیاسی  ئیستای کوردستانو ئەلتەرناتیڤی حزب بۆ هەلومەرجی ئیستای کوردستان. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراقو دوا ئالوگۆرەکان پلینۆم تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد کە ریگاچارەی عەمەلیو گونجاو بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کۆمەلگای کوردستان جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی غەیرە قەومیو غەیرە دینیە، پلینۆم بریاردا ئەم بەدیلو ریگاچارەیەی خۆی بە بەیانیکی تایبەتی بۆ کۆمەلگا رابگەیەنیت.

لە پەیوەند بەکۆنگری حزبەوە دوای ئەوەی پلینۆم پیویستی بەستنی کۆنگرەو هەروەها سەختی هەلومەرجی ئیستای هەلسەنگاند، پاشان گرتنی کۆنگرەی سێهەمی حزبی سپارد بە مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی لە بارەیەوە بریاری پێویست بدات.

هەروەها پلینۆم لە دریژەی باسەکانی خۆیدا سەبارەت بە بردنەسەری ئیمکانیەتو توانایی حیزب بۆ بەرگری لە مەدەنیەتو مافەکانی خەلكو دەورگیرانی لە پاراستنی ئەمنیەتدا، وەزعی مالی حزب، پەرەپیدانی راگەیاندنی حیزب، جەهتگیریو ئەولەویەتەکانی حیزب...قسەوباسی کردو لە بارەی ئەم مەسەلانەوە چەند بریاری پەسەندکرد.

دواین دەستوری کۆبونەوەکان هەلبژاردنی لیدەری حزب و مەکتەبی سیاسی بوو کە ڕێبوار ئەحمەد وەك لیدەری حزب هەلبژێردرایەوەو هاوریان (رعد سەلیم، فارس محمود، ناسك ئەحمەد، موئەیەد ئەحمەد، ئازاد ئەحمەد، شەمال عەلی، زمناکۆ عەزیز، تاهیر حەسەن، کاژاو جەمال، نادیە محمود، لیلی محمد، ئەمجەد غەفور، سامان کەریم، سمیرعادل " وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی

هەلبژێردران‌و لە یەکەمین کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا کە راستەوخۆ بە دوای پلینۆمدا بەسترا، ئەمجەد غەفور وەك سەرۆکی مەکتەبی سیاسی هەلبژێردرایەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

27/**حوزیرانی** 2004